# شاڵاو ڕەسول و کونسوڵی ئێران پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێم تاوتوێ دەکەن

شاڵاو کۆسرەت ڕەسول, سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ کونسوڵی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆبوویەوە.

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دووشەممە لە شاری هەولێر شاڵاو کۆسرەت ڕەسول لە هەولێر پێشوازی لە فرامەرز ئەسەدی، کونسوڵی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر کرد.

لە دیدارێکدا بەگوێرەی ڕاگەیاندراوێکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیی، "گفتوگۆ کرا لەبارەی دۆخی هەرێمی کوردستان، پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکان و گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان".